تیپی مۆسیقای «رۆژ» لە لایەن کۆمەڵە لاوێکی دڵسۆز بە هیوای پێشخستنی هونەر و کولتوری کوردی پێکهاتووە ئەو لاوانە لە پێناو ئامانجەکانیاندا قوڵیان لەو کارە هەڵماڵیوە هەوڵی نوێکردنەوەی موزیکی کوردی دەدەن.

چەند ئەندامێکی ئەم تیپە پێشتر لە تیپی «ئەژین»دا بەشدار بوون کە لە کاترینەهۆڵم پێکهاتبوو و بە هۆی هەندێ هۆکاری تایبەتی نەیتوانی درێژە بە کاری خوێ بدات. تیپی «رۆژ» ناوەندی چالاکێکانی لە ڤێسترۆسە و ئامادەیە لە هەموو جێژنێکی کوردی لە سوێد یا دەرەوەی سوێد دا بەشداری بکات. بۆ زانیاری پتر دەتوانن پەیوەندی بە لاوانی ڤێسترۆس بکەن.

ئەندامانی تیپی« «رۆژ» بریتن لە :

| | |
|---|---|
| حەسەن قەرەداغی | گۆرانیبێژ |
| ئارام نەجمەددین | ئـــۆرگ |
| ئاکۆ نەجمەددین | جـــاز |
| نیـــشان | ســـاز |
| نـــەوزاد | بێزگیتار |
| ئـــارام | زەرب |

( تیپی «ئەژین» کاسێتێکی بە هەر دوو دیالێکتی کوردی خستۆتە بەردەست. ئەو کەسانەی پێیان خوشبێتدەتوانن بۆ کرینی ئەم کاسێتە پەیوەندی بە یەکێتی لاوانەوە بگرن. نرخی ئەم کاسێتە پەنجا کرۆنە)

---

**بە** پێی لێکۆڵینەوەیەک لە نێوان لاوەکانی سوێدیدا، ٥٧٪ لاوەکان پەیدا کردنی پارەیان بە گرینگترین ئامانجی خۆیان زانیوە. ئەو لیکۆڵینەوەیە لە ساڵی ١٩٩١دا کراوە و لە نێوان نزیک بە ٢٠ ئاڵترناتیڤی جۆراجۆردا لاوەکان مەیلی خۆیان زۆرتر لە بواری سەفەر بۆ دەرەوە، وەرگرتنی بەڵگەی خوێندەواری باش و ... پێشان داوە. " کارکردنە سەر کۆمەڵگا" نزمترین دەنگی هێناوەتە و تەنیا ٥٪ لاوان کارکردنە سەر کۆمەڵگایان لا گرینگ بووە. ئەوە وەک دیاردەیەکی نەباش و تەنانەت مەترسیدار، نیشان دەدا کە چۆن لاوان لە زۆربەی وڵاتەکاندا خۆیان لە مەسەلە کۆمەڵایەتی و ... کشاندۆتەوە دوایە و پتر بیر لە خۆ کردنەوە بۆتە بە دیاردەیەکی باوی ناو کۆمەڵگا.



www.arsivakurdi.org

# سوێدییەک؛ لە ئاوێنەی ئاماردا!

* لە ساڵی ۱۹۹۰دا «۱۲۹۸.٤۲» سوێدی سەفەریان کردۆتە دەرەوەی وڵات. لە وانە «۱.۸۹۰» کەسیان چووبوون بۆ هۆڵەند.

*هەر سوێدییەک لە ساڵدا نزیکەی «۷» کارتی کریسمەس بۆ ناسیارانی بەڕێ دەکات.

* ٤٪ی خەڵکی سوێد لە ساڵی «۱۹۹۰»دا تووشی چەشنە تاوانێک هاتوون.

*نێونجی یەکەم زەماوەند لە سوێددا،بۆ ژنان «۲۷.٦» ساڵ و بۆ پیاوان«۳۰.۲»ساڵە. نزیکە یەک لە سێی ئەو زەماوەندانەش دوای «٤» ساڵان تێکدەچن.

*لە ساڵی ۱۹۹۰دا، داهاتی۲۱کەس کە تەمەنیان لە ژێر ۱۵ساڵدا بووە،پتر لە نیو میلیۆن کرۆن بووە.



*دەرئەنجامی قوتابییەک لە پۆلی ناوەندی، لە ساڵی ۱۹۹۰دا «۳.۲۲» بووە.(بۆ کوران «۳.۱۵» و بۆ کچان «۳.۳۱»).

*لە ساڵی ۱۹۹۰دا، «۳.۷۹۱»سوێدی مۆڵەتی لێخوڕینیان( Körkort )وەرگرت. لەوانە تەنیا «۳۱۲۷» کەسیان ئافرەت بوون.

*۳۹٪ ژنانی سوێدی شویان کردووە و ٤۰٪ پیاوانی سوێد ژنان هێناوە.

* لە ساڵی ۱۹۹۰دا لەو ئافرەتانەی کە لە مێردەکانیان جیا بوونەتەوە، «۲۳» کەس تەمەنی لە ژێر ۲۰ ساڵدا بووە.

* ۳٪ ی ئەو ئافرەتانەی لە ساڵی ۱۹۹۰دا منالیان بووە، تەمەنیا کەمتر لە ۲۰ ساڵ بووە.

*«۳۹۷٤» سوێدی لە ساڵی ۱۹۹۰دا ویستی پاشناوی خۆی بگۆڕێت، لە وان «۵۷۵» کەسیان دەیانویست ناویشیان بگۆڕن.

سەرچاوە:

(Ststistisk Årsbok 92 / Frihet. NR 1/2 . 1992)

ئامادە کردنی : «سیامەند خزری ـ ستۆکهۆڵم»

www.arsivakurdi.org

# سەرکەوتنێک بۆ لاوان !

# سەرکەوتنێک بۆ یەکێتی لاوانی کورد ـ سوید !

لە ڕۆژانی ٢٢و٢٣ی فێبرواریدا لە ستۆکهۆڵم دوازدەیەمین کۆنگرەی فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە سوید،ئەنجامدرا. لەم کۆنگرەیەدا ١١٥ نوێنەر لە لایە ٤٠. کۆمەڵەوە بەشدارییان کردبوو. بەڵام لە نێوان ئەو ١١٥ کەسەدا، تاکە نوێنەرێکی یەکێتی لاوانی تێدا بەشدار نەبوو. ئەوەش جێگای سەرسووڕمان بوو : بۆ دەبێ ڕێکخراوێک بە ١٥.. ئەندامەوە، هیچ شوێنێک ورۆڵێکی نەبێ لە کۆنگرەیەکدا کە ئەویش بە ڕواڵەت لکێکی ئەوە. چ بە پێی مەنتیق(ژیربێژی) وچ بە پێی پەیرەوی ناوخۆیی فدراسیۆن ئێمە، واتە یەکێتی لاوانی کورد ـ سوید دەبایە چەند نوێنەرێکمان لە کۆنگرەکەدا بەشدارییان هەبوایە، کە نەبوو. جگە لەوەش ڕۆژێک هەوڵمان دا بۆ ئەوەی «شەماڵ» بەرپرسی یەکێتی لاوان بتوانێ دە دەقەیەک سەبارەت بە هەندێ مەسەلەی گشتی بدوێ کە ئەویش پاش دمەتەقەیەکی زۆر و بڕیاری کۆنگرە لە پاش وەرگرتنی هەموو بڕیارەکان ئەو دەرفەتە ڕەخسا.

پشت گوێ خستنی ئەوا زەق بە گرینگی ڕۆڵی لاوان، بە داخەوە ناتوانێ ڕەنگدانەوەی خراپی لە سەر لاوەکانمان نەبێ. ئێمە لە لایەک هەمیشە لە قسەدا باسی دەوری گرینگی لاوان دەکەین بەڵام لە کاتی ئەوادا بە کردەوە ئەوان و گرینگی و ڕۆڵی ئەوانمان لە بیر دەچێت. بۆ ؟

لە ڕەوتی کۆنگرەکەدا بە خۆشییەوە لە سەر داوای کۆمیتەی ژنان و نوێنەرێکی کۆمەڵەی ئۆرێبرو و هەروەها بەرپرسی لاوان بۆ بایەخ پێدانی پتر بە بەشداری لاوەکان لە کۆنگرەکانی داهاتوودا، لە سەر داوای زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرە، بڕیار درا کە خاڵێک بەم چەشنە لە پەیرەوی ناوخۆیی فدراسیون زیاد بکرێت :

ـ هەموو بەشێکی لاوان و کۆمیتەی ژنان بۆیان هەیە یەک نوێنەری ڕەسمی بە ناوی خۆیان بۆ کۆنگرە بنێرن و هەروەها ئەندامانی یەکێتی لاوان و کۆمیتەی ژنان بۆیان هەیە کە لە کۆنگرەکانی ساڵانەی کۆمەڵەکاندا بەشداری بکەن و خۆیان وەک نۆێنەر کاندید بکەن و لەوانیش لە هەر سێ نوێنەری کۆنگرە دەشێ یەکیان لە لاوان و یەکیان لە ژنان بن.

ئێمە وێرای پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامانی لاوان و کۆمیتەی ژنان، پڕ بەدڵ سوپاسی هەموو نوێنەرانی بەشدار بووی کۆنگرە دەکەین کە بە دڵ فرەوانییەوە، ئەو پێشنیارەیان کرد بە بڕیاری کۆنگرە و ڕێگایەکیان کردەوە بۆ ئەوەی ئێمەی لاویش بتوانین ڕۆڵی شیاوی خۆمان لە چالاکیکانی داهاتوو و گۆڕانکارییەکانیدا بلیزین.

www.arsivakurdi.org

# ئێمە ناتوانین و نابێ ئاوا بین !!

کوێستان ـ ستۆکهۆڵم



لە ولاتێکی ئەورووپیدا،ژیان بۆ کچێکی کورد بە هۆی نەبوونی سەربەستی، زۆر دژوارە. ئێمە ناتوانین وەک کچانی تری دنیا بین. هەرکارێکی بخوازین بیکەین دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە ئێمە کوردین و داخوا ئەو شتە لای ئێمەی کورد باشە یا نا مرۆڤ ناتوانێ خۆی لە هەموو شت بپارێزی تەنیا بە هۆی ئەوەی کە ئەو کارە لای ئێمە پەسند نییە، بە تایبەت کارێک کە هیچ لایەنێکی خراپی تێدانەبێت. ناتوانی لە هەر هەنگاوێکدا پرس بە ماڵێ بکات و بیرو رای ئەوانی بوێت و بەدڵی ئەوان رەفتار بکات.

دایک و باوکەکان زۆرجاران ناتوانن بە شێوەی پێویست و دروست سەیری مەسەلەکان بکەن و زۆر جاران هەر بەشێوەی لای خۆمان سەیری شتەکان دەکەن. هەر بۆیەش کەم واهەیە ئێمە دەرفەتی ئەوەمان بێت کە لەمەڕ داخواز و گیروگرفتەکانماندا بتوانین بە سانایی لە گەڵ دایک و باوکمان بدوێن یا خود بتوانین لە سەر هەندێ شت بەیەک بگەین.

کاتێکیش لێیان دەپرسین : ئەی بۆ براکانی ئێمە دەتوانن هەمان رەفتاریان هەبێ و بەمەیلی خۆیان بجوڵێنەوە و هیچ خەوشی بۆ ئەوان تێدانییە؟ ئەی بۆ ئێمەی کیژ بۆمان نییە ؟

ولاٚم هەمیشە یەک شتە : ئەوان کورن و ئێوە کچ !! بەلاٚم من نازانم کچ بوونی ئێمە دەبێتە هۆی کام کەم و کوری و خەوش، کەوا بۆمان نییە وەک مرۆڤێک رەفتار بکەین ؟

بۆ دەبێ لێرەش کچی کورد هەر لە قوژبنی ماڵێ بێت و ئێستاش ڕوومەت بۆ هەموو کەس بگرێ ؟ ئێمە ناتوانین و نابێ ئاوا بین. سەردەمی ئێستا سەردەمی ۱۰۰ ساڵ لەمەوبەر نییە. پێویستە ئێمەش تا رادەیەک سەربەست بین، ئێمەش پێویستیمان بە پێشکەوتن هەیە. دایکانی ئێمە لە زۆر مافی ئاسایی و ئینسانی بێبەری بوون، بەلاٚم ئەوە پاکانەیەک نییە بۆ ئەوەی ئێمەش تووشی هەمان زوڵم بین. دەبا ئێمە خۆمان هەموو پێکەوە هەوڵ بدەین تا ئەو بارە وەک خۆی نەمێنی و بێتە گۆڕان.



www.arsivakurdi.org

# کیژی کورد

شلێر.ح ـ سوندسڤال

له گەڵ پەیدابوونی مرۆڤ ودابەشبوونیان له ناو کۆمەڵگا و نەتەوە جیاوازەکاندا، مرۆڤ کەوتۆتە کار و خۆسەپاندن و خۆناسینی خۆی و کەسایەتییەکەی. شان بە شانی پیاو، ئافرەتیش ئەندامێکی یەکسانی کۆمەڵ بووە. له زۆرانبازی و کاروکردەوەکاندا دوانەکەوتووە. ئافرەتی کوردیش له کۆمەڵگای کورددا، ئەندامێکی کاریگەر بووە و له ژیانی کۆمەڵدا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە و له مێژوودا شوێنی تایبەتی هەبووە، بەڵام مخابن تا ئەمرۆش ئافرەتی کورد له بەر چەندان هۆکار، دەرفەتی نەبووە وەکو ئافرەتانی تری دنیا بیرورا و مافەکانی بەدەست بێنێ و بەچاوی یەکسانی سەیری بکرێ.

ئافرەتی کورد له بەر هەندێ هۆ و بارودۆخی تایبەتی گەلی کورد، له سەردەمی ئێستادا هەندێ کار و ئەرکی تایبەتی هەیە کە ئەمرۆ له هەموو ئافرەتانی دنیا وێنەی نییە. ئەویش ئەوەیە کە له زۆر کار و کردەوەدا له جیاتی پیاو ئەرکی هەرە گرانی گوزەرانی و ژیانی کەوتۆتە سەرشان. بەرەورووی بارودۆخێک بۆتەوە کە بۆ ئافرەت یەکجار سەختە هەتا له رووی بایەلۆژییەوە. بۆ نموونە ئافرەتی کورد بۆ ماوەیەکی یەکجار درێژ ئەرکی بەخێو کردنی منداڵەکانی و بەرێوەبردنی هەموو پێداویستییەکانی ژیانی بە تەنیا کەوتۆتە سەرشان. چونکە خاو و خێزانەکەی چ لەبەر پێشمەرگایەتی، دوورخستنەوە، زیندان کردن و نەحەوانەوەی ناچار بووە له ماڵ نەبێ و ژیانی ئاسایی نەبینێ. ئەمە وچەندان هۆی‌تر ئافرەتی کوردی له رەوت و ئەرکەکانی خۆی دوورخستۆتەوە و لێینەگەڕاوە بە سروشتی وەکو ئافرەتانی دنیا بگاتە ئامانج و بۆمەبەستەکانی کار بکات. ئەمانە هەموویان باری دەروونی ئافرەتی کوردیان نائاسایی کردووە.

ئافرەتی کورد له خەباتی سەختی نەتەوەکەیدا بەشدارە. شان بە شانی پێشمەرگە چەک له شانە و بە گژ زۆردارانی دێتەوە و کەسایەتی خۆی له گرانترین کاردا دەسەپێنێ. بەڵام بەداخەوە هەر بەکەم سەیری دەکرێ و وەکو پیاوباسی کەسایەتی ناکرێت.

بۆیە ئەرکی سەرشانی ئێمەی ئافرەتە کە دەنگی خۆمان بەرز کەینەوە و چاوەروانی ئەوە نەبین کە پیاوان له جیاتی ئێمە داوای ئەو ئامانج و مافانەی کە ئێمە هەمانە، بکا، چونکە هەر ئێمەین دەتوانین مافەکانمان بستێنین و خۆمان بسەپێنین.

ئێمرۆ کچی کورد له هەندەراندا له زۆربەی کچانی دیکە کەمزانترە و نەیتوانیوە بگاتە ئاستی کچانی دنیای پێشکەوتوو، تەنانەت له رووی هەڵس و کەوت و ئاگایی کۆمەڵایەتییەوە.

ئێمە له هەندەران دەبینین له هەموو بوارێکدا کوران کەسایەتی خۆیان سەپاندووە و بە ئازادی کار دەکەن. ئێمەی کچیش دەبێ له تێگەیشتنێکی ئاگایی و زانینەوە، خۆمان بگەیەنینە ئاست کوڕان و مافەکایخۆمان بسەپێنین. کە ئەمەش کۆمەڵێ داب و نەریت و یاسای نابەجێ وایکردووە چەندان ساڵە ئێمە له خوار کوڕان بین. هەندێ لەم داب و نەریتانە مرۆڤانە نین و ئەمرۆ پەیرەو کردنیان و رازی بوون مانای دواکەوتن و نەزانی دەگەیەنێت.

ئەرکی ئێمەی ئافرەتە وەکو ئافرەتی کورد خۆمان بناسێنین و له توانای خۆمانەوە خزمەتی کەلتوور و مێژووی گەلە بندەستەکەمان بکەین. چونکە بە هوشیاری هەڵس و کەوتمان و رەفتارمان له ناو گەلانی دنیادا، بە تایبەتی له ئەورووپا ئەوە دەگەیەنێ کە ئافرەتی کوردیش دابڕاو نییە له رەوتی شارستانییدا.

ئێمە کچانی لاوی شاری سوندسڤاڵ ئۆمێدی ئازادی و پێشکەوتنی بەراستی بۆ هەموو خوشکانی کورد دەخوازین.

www.arsivakurdi.org

# « پیرەمێردی شاعیر »

پێناوی بۆ شەهیدانی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین.

مێژووی ئەدەبی کورد، پڕە لە کەڵەنووسەر و ئەدیبی گەورە، کە هەر ئەوانەن بوونە خەمخۆری ئازار و خواست و کارە جوانەکانی گەلەکەیان. گەلی کورد گەر سەیری بکەین، دەبینن ئەدیبەکان توانیویانە مێژووەکەی بپارێزن و روحی مرۆڤدوستانەی بنووسنەوە. پیرەمێرد یەکێکە لەو شاعیرە باڵابەرزانەی ئەدیبانی کوردە کە لە ژیانیدا هەرچی لە توانایدا بووە بۆ جوانکاری و پاراستنی گیانی گەلەکەی دریخی نەکردووە. پیرەمێرد بە شیعر، رۆژنامە، رەخنە و فۆلکلۆر زیندوکردنەوە و چاپەمەنی هەمە جۆرە توانیوویەتی جێگەیەکی دیار و تایبەتی لە رەوتی مێژووی گەلی کورد هەبێ. ئێمەش دەبێ لەو ئاستەوە هەمیشە سەیری ناوداران و خزمەتکارانی مێژوومان بکەین. شیعری پیرەمێرد بە سروشتی کوردستان و رەوشت و جوانییەکانی رازاوە کراوە، هەروەک جۆشدان و بەرەنگاربوونەوەی شیعرەکانی وایکردوە لە کاتی خۆیدا شوێنی دیاری هەبێ.

پیرەمێرد ناوی "تۆفیق" بوو و ساڵی ١٨٦٧ی زایینی لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و لەو سەردەمەدا لە کوردستان خوێندن و خوێندەواری زۆر کەم بوو. پیرەمێردیش هەر وەک نالی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی و مەولەوی لە حوجرەی فەقێیان فێری خوێندنی زمانی عەرەبی و دەرسی ئاینی دەبێ و پاشانیش بەرەو شاری "بانە" لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەرێدەکەوێ و ماوەیەکی لە مزگەوتەکانی ئەم شارەدا دەمێنێتەوە. لە ساڵی ١٨٨٢ی .ز. دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی و ماوەیەک کاری مێژوو نووسی و پاشان کار لە دادگای وەئەستۆ دەگرێ. لە ساڵی ١٨٨٥ کاری جێگری دادستانی پێدەسپێرن کە پاش ماوەیەک وازی لێدێنێت.

لە ساڵی ١٨٩٩ بە پێی فەرمانی شا، دەبێتە بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شاری ستانبول. لە دواییدا پیرەمێرد ئەستەمبوڵ بە جێ دێڵێ ودەگەڕێتەوە بۆ کوردستان .، پیرەمێرد چەند ساڵێک لە سلێمانی دەمێنێتەوە و لە ساڵی ١٩٢٦ رۆژنامەی «ژیان» بە سەرۆکایەتی "حوسێن نازم" دەردەکا. پیرەمێرد دەبێتە بە سەرپەرشتی رۆژنامەکە، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٧دا لە گەڵ کاربەدەستانی چاپخانەکە تێکدەچێ و مافی رۆژنامەیەکی نوێ بە ناوی «ژین» وەردەگرێ و بەمجۆرە تا کۆتایی تەمەنی درێژە بە کاری رۆژنامەگەری دەدا.

پیرەمێرد لە ١٩ ی جۆزەردانی ١٩٥٠ لە شاری سلێمانیدا کۆچی دوایی دەکا. یەکێک لە ئاواتە هەرەبەرزەکانی پیرەمێرد ئەوە بووە کە هەموو کیژ و کوڕێکی کورد فێری خوێندەواری بن و تەنانەت لە شیعرێکیشیدا دەڵێ:

لای من بە خوێندەوارییە ئا خوێندەوارییە
هەر میللەتێ کەفەنی نەبێ دەردی کارییە
ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەکو من ئارەزووی ئەکەم
بیبینم و نەبێتە گوێی قورسی کفنەکەم.

(ئامادەکردنی: «فەرهادجیهانمیهەن»)

*سەرچاوەکان: گۆڤاری سروە/دیوانی پیرەمێرد.

www.arsyakurdi.org

سنگیانەوە نووساند و ڕەگەکانیان دەهاویشت وەهەڵاتن.

پاش کۆچکردنی دارەکان، نێرگز لە دڵی خۆیدا گوتی: ئیدی کەس گورانییەکانم پێ نابڕێ. ئینجا دەستی کرد بە گۆرانی گوتن ... تا تەواو ماندوو بوو. کاتێک بێدەنگ بوو، بییدەنگییەکی ترسناک باخەکەی داگرتبوو، ئیتر باخ، باخەکەی جاران نەبوو ...ببووە بیابان. نێرگز چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسک و بەدەم پاڕانەوە گوتی : گوڵەکان بگەڕێنەوە ... بگەڕێنەوە دەمەوێ کاتی خەوتن لە ئامێزتان بگرم. پەپوولەکان بگەڕێنەوە ... باڵندەکان، دارەکان بگەڕێنەوە ... بێ ئێوە دڵم تەنگە ... نامەوێ بە تەنها بم. ئینجا دەستی کردە کێشانی وێنەی گوڵ و پەپوولە و دار و باڵندەکان لە سەر زەوییەکە ... دڵی تەواو پڕ ببوو، گریا و فرمێسکەکانی بەسەر کوڵمە جوان و کراسە سپییەکەیدا هاتنە خوارێ ... لەو کاتەدا پەڵە هەورێکی دڵپاک بەوێدا تێپەڕی و زۆر بە میهرەبانییەوە پرسی :" کچکۆڵەکەم ئەوە بۆچی دەگریت ؟" نێرگزیش هەموو چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە ... هەورەکە کەمێ بێدەنگ بوو، ئینجا بە دەنگێکی نەرم گوتی :"بچۆرە سەر رووبارەکە و فرمێسکەکانت تێکەڵ بە ئاوی رووبارەکە بکە و چاوەڕێم بە !

نێرگز بەرەو رووبارەکە هەڵات، ئینجا گریا و فرمێسکەکانی تێکەڵی ئاوەکە کرد ... هەورەکە خۆی فڕێ دایە ئاوەکە و پاشان چووە سەر ئەو وێنانەی کە نێرگز دروستی کردبوو و بووەوە بە ئاو. گڵەکان بوونە باڵندە و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ کاتێ نێرگز چاوی بەوانە کەوت فرمێسکی خۆشی بە چاویدا هاتنە خوارێ ... ئیتر لەو کاتەوە نێرگز فرمێسکی شادی دەڕژێنێتە ئاوی رووبارەکەوە و هەوریش ئەو فرمێسکانە هەڵدەگرێ و دەیباتە سەر خاکەکە ... بۆ ئەوەی وڵات هەمووی ببێتە گوڵ و پەپوولە و دارستان ....

« سەرداری سدیق ئەمین » کردویە بە کوردی.




دیمانە گۆڤارێکی وەرزی لاوانە کە لە لایەن دەستەیەک لاوی ئاوارەی کوردەوە دەردەچێت. کاک گۆشان سەرکۆ سەوپەرشتی گۆڤارەکەی بە ئەستۆوەیە.تا ئێستا دوو ژمارەی دیمانە دەرچووە و بەم زوانەش ژمارە سێی دەردەچێ. ئەم گۆڤارە لە ڤێستروس چاپ و بڵاو دەکرێتەوە و بۆ وەدەست خستنیشی دەتوانن بەم ناونیشانە پێوەندی بگرن:

DIMANE
BOX 13060
720 13 Västerås

دیدار وێڕای پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەرانی دیمانە، پڕ بەدڵ سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێت.

www.arsivakurdi.org

# نێرگز

نێرگزی پرچ سەوز وێنەی خۆی لە ئاوەکەدا هاتە پێش چاو و هاواری کرد:" ئای چەند جوانم، ئەز لە باڵندە نازدارترم، چاوەکانم دەڵێی باخی ئاڵوباڵون ... "
وەکو پەپوولە دەستی کرد بە سەما و هەڵپەرکێ ...

لە ناکاو نێرگز ڕاوەستا بێدەنگ بوو !
پێکەنینێکی هاتە بەر گوێ کە دەتگوت دەنگی زەنگێکی گچکەیە، ئینجا گوتی: "ئەوە کێیە دەوێرێ پێبکەنێ ؟"

گوڵێک سەری بڵند کرد و وڵامی دایەوە : " ئەوە منم خانمەکەم !" نێرگز گەلێک تورە بوو، گوتی :"چۆن گوڵێکی بێ نرخی وەک تۆ دەتوانێ پێبکەنێ ؟" گوڵەکە بە شەرمێکەوە چاوەکانی داخست و بێدەنگ بوو ... نەرگیز زیاتر تورە بوو. هاواری کرد :" لەمرۆ بەدواوە نامەوێ چاوم بە هیچ گوڵێک بکەوێ لە باخەکەمدا، دەبێت هەرچی گوڵ هەس کۆچ بکەن، ئەگینا هەمووان دەبڕمەوە ... یەکسەر گوڵ پەلکەکانی وەراند و داوای لە هەنگ کرد کە بیبات بۆ شوێنێکی دوور دوور ... پاش کۆچکردنی گوڵان، نێرگز زیاتر لە جوانییەکەی بایی بوو ... ئەو جوانییەی لە جوانی کەو دەچوو.

پەپوولەیەکی دڵخۆش باڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی بەیەکدا دەدا و بازبازێنی دەکرد و بە دەوری خۆیدا وەکو سەماکەرێک دەخولایەوە. نێرگز ئیرەیی پێ برد و بانگی کرد و گوتی :"ئەرێ پەپوولە ! " پەپوولەکە هەڵفڕییە سەر لاسکی گوڵێک و گوتی :"چت لێم دەوێ خانمە پرچ سەوزەکەم ؟"

نێرگز بە برۆ هەڵتەکاندنەوە گوتی :"کەس هەیە لە من جوانتر ؟" پەپوولە کە وڵامی دایەوە :"بەڵێ خانمەکەم !باڵەکانم دەڵێی پەلکە زێرینەن، ڕەنگیان ڕەنگی خۆر و کێڵگەکانی کوردستانە ..." نێرگز پێیدا بە زەوی و قیژاندی :" نامەوێ پەپوولە لە باخەکەمدا ببینم !"

پاش کۆچکردنی پەپوولەکان، نێرگز بڕیاری دا گۆرانی بڵێ و دەنگیشی تاکە دەنگ بێت لە باخەکەدا ... کاتێک باڵندەکان لە سەر لقی دارەکانەوە گۆرانیان دەچری، نێرگز هاواری کرد :" باڵندەکان ! بێدەنگ بن ئەز دەخوازم گورانی بڵێم ... بەلام باڵندەکان بێدەنگ نەبوون. نێرگز بەر چاوی تاریک بوو، بروسکەیەکی بەلەشدا هات و هاواری کرد :"باڵندەکان ! نامەوێ چاوم بە چاوتان بکەوێ ... بڕۆن ! کۆچکەن و لە باخەکەمدا نەمێنن، ناخوازم بێجگە لە دەنگی خۆم گوێم لە دەنگی کەسێکی تر بێت. یەکسەر باڵندەکان هێلانەکانیان ڕوخاند و باخەکەیان بەجێ هێشت.

نێرگز بە لووت بەرزییەوە نیگای دەورووبەری خۆی کرد و دەستی کردە گۆرانی گوتن. بەلام دەنگی خشەی گەڵای دارەکان گۆرانییەکەیان پێ بڕی، بۆیە قیژاندی و گوتی :" بوەستن !گۆرانییەکەتان لێ تێکدام ..." گەڵاکان گوتیان :"لێمان ببورە خانم ، بڕوا بکە تاوانی شنە بایە ..." نێرگز گوتی :"ڕاوەستە ئەی شنە با !" کە شنە با هەر ڕانەوستا، نێرگز گوتی دارەکان گوناهی ئێوەیە. فەرمانی کۆچکردنی دارەکانیشی دا. دارەکانیش گەڵاکانی خویان بە

www.arsivakurdi.org

## «لە دونیادا »

له دونیادا چوار گوڵی سووری خوێناوی روان
یەکەم گوڵیان: هەتیوێکی بێ ناز بوو.
گوڵی دووەمیان:
باڵندەیەکی باڵ شکاو بوو.
گوڵی سێیەم :
دایکێکی جەرگ سوتاو بوو.
گوڵی چوارەم :
گوڵەگیان برینداره‌کەی کوردستانی دابەشکراو بوو.

شلێر حەیدەری
سوندسڤاڵ
١٩٩٠/١١/١٩

## بریندارم

کوردستان؛ ئەی هەرە ئاواتی بەرزە جوانەکەم !
ئەی شەلاڵی خوێن، ئەی وێرانەکەم !
چەند بە ئاواتم ببینم من بزەی سەر لێوی تۆ
من بریندارم، لە تۆ زێتر چییە دەرمانەکەم !

فەرهاد جیهان میهەن
ستۆکهۆلم



www.arsivakurdi.org

## « دەوەرە لێ »

لە تەک مانگدا، لە ڕۆژئاواڕا
بۆ مەڵبەندی غەریبی
بۆ لای دەرد و زام و ژان
دەگەڵ ڕەوە هەورێکی نەزۆک کۆچت کرد.
خەونەکانت لە سالانی ڕابردوودا
دەگەڵ لانکی بێ دەسرازی
هەتیوانی چاوکەژاڵ و غەمهەڵگرتوو
ڕاژان و ڕابردن،
بێ ئەڤین! بێ خوا! بێ خۆشەویستی .
نەهاتی ؟ نەهاتی و تێنەپەڕی
نە لە خەودا
نە لە تەنیایی ڕۆژانی بۆ تۆ گریان،
ئەگەرچی دایم
بە تاسەی ئەو بروسکەوە دەژی
دڵی هەوری نەزۆک بدرێ و
گلێنەکانت پاراو کات.
دەوەرە لێ !
خەونەکانم بەو سەدەیە
بکە بەرکورتێک با بمخوێنەوە
تۆ بناسن و مەنیش،
وەک شێتێکی بەگژ ئاگردا چوو بلاوێننەوە.
دەوەرە لێ ...
خەونەکانم سەوز بوونە
دار بەڕزەکان وشک بوونە
جوانی لە ناو دۆزەخدا دەسووتێ،
کوندە پەپوو
لە جێ ڕاوگەی من و تۆدا
قووت دەخوێنێ.

تۆ لە گەڵ مانگدا
لە ڕۆژ هەڵاتەوە هاتووی
مەنیش کاروان کوژەی بەر بەیانم،
لە ناوەوەدا دەسووتێنم.

دەوەرە لێ ...

ستۆکهۆڵم ـ ع. ڕاد



## یادێکی لێڵ

خۆشەویستان، لێرەم و
بەخەیالا دەتانبینم.
لە گۆرانی ئێوەدا، دەتانبینم و
سەرم لەم ئاوەڵێڵە سووڕماوە.
دەشێ ڕوخسارتانم لە یاد نەبێ
بەلام تروسکەی خەمی چاوتان
ڕۆشنایی ژیانمە و
هەر دەبینم خۆشەویستن.
نەسرەوتنتان
چەکی پاراستن و مانەوەیە.
ئەمرۆ خەمم
تەنیا ئێوەیە و
لە ناو دڵدا شاخ دەکێشێ.
خۆشەویستیتان خەمێکە و
وا لەدڵدا چرۆ دەکا.
ئێوەن فێرە خۆشەویستیم دەکەن،
کە لێرانە من فێر نەبووم و نابم.
ئێستا دڵم بە دوای ئێوەدا ڕادەکا و
خۆشم لێرەم
لێرە هەست بە سۆزی خۆشیتان دەکەم
ئاخۆ ئێوەش هەروەک من
بۆ من پەریشانن ؟

کاترینەهۆڵم ـ ئاکۆ نەجمەددین

www.arsivakurdi.org

**لاوان لە نێوان ...**

**لایەنی کولتوور وفەرهەنگی میللەتێکدا ناکرێ لە گۆترە و بەبێ بەڵگەی ریشەیی ناوی باش یا خراپی لێ بنێین. بەشێ لە هەر کولتوورێک بە پێی چێژ و سەلیقە و تەمەن و ... دەتوانن لەبار یا نالەبار بن.**

- ئێمە دەبێ دوور لە دەمارگیری و چوارچێوەکێشان رێگا بە لاوەکان بدەین وهەولیان دەگەڵ بدەین کە ئەوەی باش و نوێیە وەربیگرن و بێبەری نەبن لەو توانا و دەرفەتانەی کە لێرە بۆیان رەخساوە و هەوڵ بدەین هەموو دیاردەیەکان بە ترس و گومانەوە چاو لێ نەکەین. هەڵبەتە زۆر جاران کار و کردەوەیەکی باش ونوێ دەتوانێ وەرگرتنی سەخت بێ بۆ باوکان و کەس و کارە بە تەمەنەکانمان، بەڵام لاوێک بتوانێ بە ئاسانی وەریبگرێت. بۆ وێنە : ئێمە زەحمەتە بتوانین دایکمان رازی بکەین کە خۆی بە «ئۆرگ» لێدان یا کاری«شانۆ» و «سینەما» خەریک بکات و رەنگبێ درەنگیش بووبێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە برا و خوشکانیشمان هەر بەو جۆرە بروانن «ئۆرگ» و «شانۆ» و «سینەما»

- لە هێندێ بواردا کە زیانبەخشی نییە با رێگا بە لاوەکان بدەین کە خۆیان شتێک بە تاقی کەنەوە و بە پێی ئەزموونی خۆیان هەڵە و ناراستییەکەی تام بکەن. زۆر جار ئامۆژگاری زیادە و لۆمە وسەرزەنشت دەتوانێ کاریگەری نالەباری لە سەر لاوێک هەبێت تا لەوەی کاریگەری چاک و لەباری بێت.

لاو رادەی تەمەن و خەیاڵ و بارە دەروونییەکەی چەشنێکە، حەز دەکا هەمیشە و بێ سڵەمینەوە کار و شتە نائاسایی( یاخود بە گشتی خولیای شتە ناباوەکانە)و دەیەوێ تاقیان بکاتەوە. جا بۆیە ئێمە دەبێ بەشی ئەوەندەیان رێگا و دەرفەتیان بۆ والا بکەین تا لەو بوارە بە ئارەزووی خۆیان خەون و مەبەستەکانیان بە خۆیان بۆ تاقی بکەنەوە و لە نزیکەوە دەرکی راستی و هەڵەکانیان بکەن.

## فیلمی کارتۆن بە زمانی کوردی

پاش چەند مانگ کار و هەوڵێکی بێوچان کاک بارزان توانی بە یارمەتی چەند لاوێکی خوێنگەرم چوار فیلمی کارتۆن دۆبلە بکات. ئەو دوبلاژە بە هەر دوو دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی کراوە.

ناوي فیلمەکان بریتین :

١ـ گورگ و بزن / ٢ـ عەلی بابا و چل دز

٣ـ بێچووە مراوییە ناشیرینەکە.

٤ـ عەلادین و چرای جادوویی.

ئەو فیلمانە بە هاوکاری خەبات عارف، مەحمود لەوەندی و بارزان شاسوار لە زمانی سوێدییەوە وەرگێردراوتە سەر زمانی کوردی.

ئەو کەسانەی کە لە کاری دۆبلەکەدا بەشداریان کردووە و دەنگە کوردییەکانیان وەئەستۆ گرتووە، بریتین لە :

مەرزیە فەریقی، بارزان شاسوار، مەحمود لەوەندی، میران، دڵنیا رەزازی، ماردین رەزازی، سلیڤا جگەرخوێن، ئاریا جگەرخوێن و لوقمان.

بۆ دەست کەوتنی کاسێتی ئەم فیلمانە بەم ناونیشانە پێوەندی بگرن :

Komela kurdi li spånga
BOX 4118
163 04 Spånga

نرخی کاسێتەکە ١٠٠ کرۆنی سوێدە . پارەی پۆستیشی لێ زیاد دەکرێت.

* ئێمە وێڕای پیرۆزبایی لەو کەسانە، سەرکەوتنی پتریان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

www.arsivakurdi.org

# لاوان : لە نێوان دوو ڕێیانەدا

لاوێکی کورد کە دێتە وڵاتێکی ئەوروپایی، لە یەکەم هەنگاویدا هەست دەکات کە ئەو جیهانەی ئەو تێیدا ژیاوە لە بنەڕەتەوە جیاوازی هەیە لە گەڵ ئەو جیهانەی کە لەمەو بەولاوە دەشێ بۆ ماوەیەکی نادیار تێیدا بژیت. ئەو لاوە لە لایەک بە هۆی کەم تەمەنی و نەبوونی دەرفەتی پێویست، نەیتوانیوە خاوەنی کاراکتێر و کەسایەتێکی ڕاشکاوی " کوردانە" بێت و بەر لە هەراش بوونی ئەو کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییە لە زێد و نیشتمانی خۆی هەڵکەندراوە و ئاوارەی هەندەران بووە و هەر لەبەر هەندێ مەترسی ئەوەی بۆ هەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا، ئەگەر بە وریایی و دڵسۆزانە هەڵس و کەوتی دەگەڵا نەکرێت، ئەوەندەی بە کاڵی وەریشیگرتووە، لە بیر بکات و شۆێنەواری نەمێنێت. لە لایەکی دیکەشەوە، ڕواڵەت و چەشنی ژیان لەو وڵاتانە بە جۆرێکە، کە لاوێک هەست دەکا داب و نەریتی ئەوان پتر نیازەکانی دابین دەکات و داب و نەریتی کوردەواری زۆرتر دەست و پێی دەبەستێتەوە. هەر لە سەرەتاوە فەرهەنگێکی جیاواز لەبەردەمی ئەو لاوەدا قووت دەبێتەوە کە نازانێ چۆن لە گەڵیدا بگونجێ. لاوێک کە زۆر جاران لە ناخەوە هەست بەوە دەکات کە ئەو لەو نێوانەدا تەنیا بووە بە قوربانی سیاسەت و دۆخێکی ئاڵۆزی ژیان و کردەوەی باوکی یا... ، ئاسان نییە بتوانێ هۆکاری ئەوگرفت و ئاستەنگ و هۆیەکانی بدۆزێتەوە، گرفتی یەکەمی ئەوەیە کە چۆن ئێستا لێرە دەتوانێ لێرە پلانێک بۆ خۆ دابڕێژێت کە بەدوور بێت لە هەوراز و نشێوی خەون و داخوازی دایک و باوکی. ئەوان لە لایەک بۆ ئەوەی بتوانن لەو کۆمەڵگایە نوێیەدا بژین، دەبێ خۆیانی لەگەڵ هاوجووت و ڕێکخەن و لە لایەکی دیکەشەوە، پێناسەی خۆیان(کورد بوونیان) نەدۆڕێنن. بەڵام داخوا ئەو کارە زۆر ساکارە ؟

بێگومان نا ! ئەوەی لێرەدا دەتوانێ ڕۆڵێکی باش بلیزێ ئەوەیە کە ئێمە ئەو لاوانە لەوە بگەیەنین کە :

ـ هەموو داب ونەریت و فەرهەنگێک لە کۆمەڵێک بایەخ و پێودانگی باش و خراپ، کۆن و نوێ پێکهاتووە و هیچ فەرهەنگێک بە تەواوی باش یا نەباش نییە، بەڵکوهەموو فەرهەنگێک لە پاڵ لایەنە خراپ و نالەبارەکانیدا، ناوەڕۆک و بایەخی بە نرخ ولەباریشی تێدایە. جا ئەو داب و نەریتە هی کورد یا سوێدی بێت. هەروەها زۆر

(بۆ لاپەڕەی ٦)



www.arsivakurdi.org

# «نەوەی نوێ»[٧]

خەڵکی گەلێکی ژێردەستە کاتێک لە وڵاتی خۆیان راوەدەنرێن و لە هەندەران خۆیان دەگرنەوە، لە لایەک هەست بە نامۆیی و بێ دەرەتانی دەکەن و لە لایەکی‌تر جیاوازی کەلتووری و فەرهەنگی لە ناوەوە دەروونیان بریندار دەکات. هەر لە یەکەم رۆژەوە یاد و بیرەوەری نیشتمان پتر لە جاران هەستیان دەبزوێنێ دڵیان



وەکورکە دەخا. گیروگرفتەکانی دوورە وڵاتی تەواوی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئاوارەکان دەگرێتەوە. قسە لەوەدا نییە کە لە زۆر بواراندا ژیانی ئێمەی ئاوارەی وڵاتێکی وەک سوێد، لە هاووڵاتێکانمان لە کوردستان باشترە. بەڵام ئەوەی گرینگی هەیە، لایەنە دەروونییەکانی مرۆڤن. ئینسان کاتێک هەست بە ئازار و ئێش و پەشێواوی بکا،گەر لە هەموو توانایەکی مادیش بەرخوردار بێ، دیسان ناتوانێ هەست بە بەختەوەری بکات. هەندێک لە مرۆڤەکان وابیر دەکەنەوە کە مادییەت (پارە و...)بە تەنیایی بەختەوەری دێنێ و ئیتر پێویست ناکا، هیچ فیکر و تێروانێکی‌تری هەبێ. بەڵام ئاخۆ بەراستی ئەمە وایە؟ ئەگەر بڕوامان بە خۆشەویستی و ئەوینداری نەبێ رەنگە بە هەڵە بچین و رێگای راستمان لێ بزر بێت. واقعییەت ئەوەیە کە بەشێک لە ئاوارەکان،جا بەهەر هۆیەک کە زێدی خۆیان بە جێ دێڵن، پاش ماوەیەک نیشتمان و گەلەکەیان لە بیردەچێتەوە و ئاسەوارێک لە پێوەندی و کەسایەتی نامێنێتەوە.

بۆ ئێمەی کورد کە وڵاتمان داگیر کراوە و لە چوارلاوە وەک دالاش دەمیان لە جەستەی زامدارمان ناوە و وەک خەرمانی جوتیاری هەژار دابەش کراوین مەسەلەکە جیایە و جیاوازیەکی زۆری هەیە، لە گەڵ ئەو میللەتانی کیانی خۆیان هەیە و هیچ شتێک هەرەشە لە فەوتانیان ناکا.

با بە چاوێکی واقیع بینانە سەیری بارودۆخی کوردستان بکەین و رابردوو و ئێستامان شی بکەینەوە و بەرەو داهاتوویەکی پرشنگدار هەنگاو بنێین. ئاشکرایە بە بێ لەخۆبردوویی وهەست بە بەرپرسی لە بەرامبەر خەڵکەکەماندا، ناکارین ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤێکی گەلێکی زۆرلێکراو، بەجێبگەیەنین. خویایە ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە لە هەر جێگایەک دەژین لە دەوری یەکتر وەخڕ بین و هێز توانامان وەیەک کەین و دەنگمان بەرز و بەرزتر کەینەوە. بە تایبەتی نەوەی نوێ پێویستە چالاکتر بێت و هەر لە ئێستاوە خۆیان بۆ دارشتنی کۆشکی داهاتوو ئامادە بکەن.

ع. راد ـ ستۆکهۆڵم

www.arsivakurd.org



هەروەها "١٨ی مارس" یەکێکە لە ڕۆژە مخابنەکان کە خەڵکی کورد لە مێژووە تازەکەیدا یادی دەکاتەوە. لە "١٨ی مارس"دا گەلی کورد یادی هەلەبجەی شەهید، شارێکی خاپور کراو و ژەهر باران و ٥٠٠٠ شەهید دەکاتەوە، کە ڕژێمێکی دیکتاتۆر و جەلادێکی مرۆڤ کوژ رق و کینی نامرۆڤانەیان بەسەر ئەم شارەدا ئەنجامدا.

ئەمساڵ کە گەلی کورد یادی ئەم شارە کۆست کەوتووە دەکاتەوە کە توانی بە هەزاران شەهیدیتر جلەوی گلاوی ئەم رژێمە فاشیست و ئەم جەلادە، لە سەر خاکەکەی نەهێڵی و تۆڵەی شاری هەڵەبجەشیان لێ بکەنەوە.

گەلی کورد کاتێ ئەم یادە دڵتەزێنە دەکاتەوە، جارێکی تریش بە خوێن و قوربانی خوێ دووپاتەی دەکاتەوە کە سەدامی جەلاد و رژێمە دیکتاتۆر و درندەکەی دەیان جاریش دەتوانێ بشکێنێ.



لە گەڵ دەستپێکردنی بەهاردا گەلی کورد لە تەواوی کوردستان یادی جێژنێکی نەتەوایەتی پیرۆز دەکاتەوە کە جەژنی نەورۆزە. ساڵی تازە لەگەڵ وەرزی باران و رازانەوەی سروشت بە گوڵ و گوڵزار دەست پێدەکا.ئەو جەژنە سەرباری خۆشی و شادی، هەروەها هێمایەکە بۆ راپەڕین و بەگژهاتنەوەی زوڵم و زۆرداری. گەلی کورد بە کەسایەتیبەکی وەک کاوەی ئاسنگەرکە توانی کەللەی ئەژدەهاکی زۆردار بپرژێنێ، ئەوەش بوو بە هێز و ئەز موونێک کە هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا بە درێژایی مێژوو لە رووی جەلادە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان رابێ و تەخت و تاجیان تێکبشکێنێ .ئەمسالیش سالێک بەسەر نەورۆزی پاردا تێپەڕی کە لەم یادەدا گەلی کورد پێگە و بارەگای رژێمی ئەژدەهاکێکی وەک سەدامیان کردە سووتەمەنی ئاگری نەورۆزی پیرۆز.

لە یادی نەورۆزدا چەپکە نێرگزی بەر بنار و ڕەوە شاخەکان دەکەینە دیاری گەلەکەمان. بەو ئومێدەی لە نەورۆزی داهاتوودا سەرکەوتنی گەلەکەمان لە قۆناغێکی پڕ لە ئازادیدا هەنگاو بنێ.



www.arsivakurdi.org

# بەهار و بیرەوەرییەکان

لەناو گەلەکەماندا وەرزی بەهار تایبەتمەندییەکی گەلێ لایەن دەگەیەنێ. بەهار سەرباری ئەوەی وەک وەرزێک کۆتایی بە سەرما و سەختی وەرزێک دێنێ، لە هەموولایەکەوە دەرفەت بە مرۆڤ دەبەخشێ بۆ ئەوەی بکەوێتە دنیای بیرکردنەوە و کارکردن. وەرزێکە شادی و خۆشی سروشت لە گیانی مرۆڤدا خۆشەویستە.

ئەم وەرزە لە لای ئێمەی کورد پڕە لە جەژن و یاد و ڕووداوی مێژوویی و کارەساتی دڵتەزێن. هەریەکە لەو یاد و ڕووداوانە ماناکانی ڕەگ و ریشەیان لە هەست و هۆشی مرۆڤی کورددا کوتاوە.



هاوکات لە سەرەتای بەهار یادێکی شیرین دەکەینەوە، کە هاوبەش لە گەڵ هەموو ئادەمیزادەکانی دنیا. ئەویش یادی «٨»ی مارس، ڕۆژی ژنانی دنیایە. لەم ڕۆژەدا ژنان ئەمەیان سەپاند کە وەک مرۆڤ ڕۆژێکی تایبەتیان هەبێ. تا سەرەتای سەدەی بیستەم هیچ یاسایەکیش دانی بە یەکسانی ژن و پیاو دانەدەنا. لەدوای شەڕی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٤٨دا بۆ یەکەمجار وڵاتە یەکگرتووەکان بە ڕەسمی مافی یەکسانی ئافرەتیان لەگەڵ پیاودا ڕاگەیاند.

یەکێتی لاوانی کورد ـ سوێد بەو بۆنەیەوە لە دڵەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئافرەتانی دنیا و دایکان و خوشکان و هاوسەرانی گەلەکەمان دەکات. کە لەم قوناغەدا ئافرەتی کورد وەک مرۆڤ بەرەورووی سەخترین ئەرک و کۆست دەبێتەوە. هەروەها کاتێ یادی ئەو ڕۆژە دەکەینەوە، ئێمە بە دڵسۆزییەوە دەڵێین ئافرەتانی کورد لە فیداکاریدا جێی ڕێز و نرخاندنێکی تایبەتین.

www.arsivakurd.org

# ئێمە چی دەخوازین ؟

لە تەواوی ئەم دونیایەدا، لاوان وەک توێژێکی تایبەت لە هێندێ خاسلەت و حەوسەلەی تایبەتمەند لە گەڵ چین و توێژەکانی تر جودا دەکرێنەوە. جا گەر ئەوان وەک ئەندامێکی کۆمەڵ، ئەرک و کاریان هاوشانی خەڵکانی تر لە سەر شان بێت، ئەوە لە هەمان کاتیشدا وەک توێژێک نیاز، پێداویستی،مەیل، خولیا و خەونی مافی ڕەوای خۆیان هەیە. بۆیە پێویستە لە دیدی کەسایەتی و دەروونی(نەفسی) لە ئاستی خۆیان هەڵس وکەوتیان لەگەڵدا بکرێ. دیارە لە کۆمەڵگا و وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەم سەرنجە دەدرێ بە لاوەکان و بە هەر شێوەیەک بێ، وەک پێویست ئەرک و ماف و پێداویستییەکانیان لە بەر چاو دەگیرێ.

بەڵام ئاخۆ بۆ ئێمەی لاوە ئاوارەکانی هەندەران تا ئێرۆ هەوڵ بۆ کارێکی ئەوتۆ دراوە کە شایانی باس بێت ؟ بێجگە لەمەش، گەر لە لایەن بەرپرسانی ئەم کارە ئاوڕ نەدراوەتەوە، ئاخۆ ئێمە وەکو لاوانی کوردی دانیشتووی سوێد، دەسپێشخەرییەک یا خود هەوڵێکی ئەوتۆمان داوە تا بە کۆمەکی و هاریکاری یەکتری بتوانین زەمینەی زەمانێکی هاوبەش و هاونیاز بۆخۆمان بدۆزینەوە تا کەسایەتی و ماف و ئەرکی خۆمان پەیرەو بکەین ؟

هەرچەندە تاک و تەرا هەوڵ و کاری کەم و زۆر کراوە، بەڵام ئەو هەوڵانە لەو ئاستەدا نەبووە تا بکارێ ئاستەنگەکان لاببا و بتوانێ ئاڵقەیەکی بەهێزی پێوەندی لە نێوانماندا دروست بکات. هەڵبەتە، ئەم ئەرک و کارە لە پێشڕا خەمی خودی لاوەکانە و هەر خۆشیان دەبێ هەنگاوی بۆ بنێن.

جا بۆیە دوایی گفتگۆ و بۆچوون گۆڕینەوە لە نێوان هێندێ لەو لاوانە بەو دەرئەنجامە گەیشتین، کە ڕەنگبێ گۆڤارێک بتوانێ بەشێک لەو ئەرکە گرینگانە وەئەستۆ بگرێ. بەڵام بۆ گۆڤار ؟

گەر گۆڤارێک لە باریدابێ تا ڕادەیەک زمان حاڵی لاوان بێ و بتوانێ لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێت و لە ئاستی داخوازییەکانیدا بێت، دەتوانێ ببێتە بە :

- زمانێکی هاوبەش لە نێوانی هەموو لاوەکاندا.
- بۆ ڕەنگدانەوەی خواست و نیاز، گیروگرفت و ئەزموونی لاوان ئاوێنەیەک بێت.
- ئاوەندێک بێ بۆ بەهێز کردنی پێوەندی لاوانی هەرچوارپارچەکەی کوردستان لە سوێد و تەنانەت دەرەوەی سوێدیش.
- مەکۆیەک بێ بۆ ناسینی ئامادەباشی و بەهرە و توانستی لاوان و بۆ ڕسکان و هاندانیان و گەلاڵە کردنی ئەو توانایانە.
- مەکۆیەک بێ بۆ ئاگادار کردنەوەی یەکتر سەبارەت بە چالاکییە جۆراوجۆرەکان لە هەموو بوارەکاندا.
- بە کورتی چەندا سودی تر کە گۆڤارێک دەتوانێ بیرەخسێنێ.

□ □

لەم ڕوانگانەی سەرێ بڕیاردرا کە ئەم گۆڤارە بخەینە بەر دەستی ئێوە. بەڵام با لە نوێژەندا ئەم ڕاستییانەشتان لەبەر چاو بێ کە :

- ئێمە وەکو یەکێتی لاوان توانای لەباربوومان بریتییە لە هەوڵ و کۆشش و بەرهەمی هەمووتان. ئەگەر ئێوە تواناتان نەخەنە کار و هاریکاریتان دەستی لاواز بێ، ئەم گۆڤارە ناتوانێ لە ئاست ئەو ئەرک و مەبەستانەی کە بۆی دیاریکراوە هەنگاو بنێ و ببێتە دەربڕی نیاز و ویستەکانمان کە ئێمە و ئێوە ئاواتەخوازییانین.

کاتێ "دیدار" دەبێتە هەوڵێکی پیرۆز و بەجێ کە ئێوە بەرهەم و تاقیکردنەوەکانتان تێیدا ڕەنگبداتەوە و وەڵامی خواستی کەسایەتیتان بێت. هەر بۆیە دەخوازین : وتار، نامە، تاقیکردنەوەی پێگەیشتوو و باش و خراپەکانی خۆتان، دەردی دڵ و هەست و سۆز و هەموو پێشنیار و ڕەخنەکانتان لە قاوغی ئەم مەبەستانەوە بنێرن.

سەدان میلیش لە هەنگاوێکدا دەست پێدەکات. لەسەرەتادا هەر هەوڵێک بە گوێرەی پێویست دەست پێناکات. دەبا مافە ڕەواکەمان بکەینە دروشمی ئامانجێک بۆ گەیشتن بە داخوازەکانمان.

□ □

www.arsivakurdi.org

# لەم ژمارەیەدا :

## «کۆمەڵایەتی»

- ئێمە چی دەخوازین ؟
- لاوان لە نێوان دوو ڕێیانەدا
- نەوەی نوێ
- لاوانی سوێد لە ئاوێنەی ئاماردا

## «هــــونــەر»

- چەند شێعر
- کورتە چیرۆکێک

## «کـــچـان»

- کیژی کـــورد
- ئێمە ناتوانین و نابێ واین !!

## «کەلتـــووری»

- ژیـــانی پیرەمێرد
- کـــورد و ئیسلام

# «دیدار»

یەکێتی لاوانی کورد ـ سوید دەریدەکات.
بەرپرسیاری گۆڤار: « شەماڵ»

"دیدار"لە ساڵدا ٦ ژمارەبڵاودەکاتەوە. ئەو گۆڤارە تایبەت بە لاوانە و بە دوو دیالێکتی کرمانجی خواروو و سەرو بڵاو دەبێتەوە.

"دیدار" شوێنێکە بۆ رەنگدانەوە و بڵاو کردنەوەی بیرو رای لاوان .

بەرهەمەکانی خۆتان(وتار، چیرۆک، نامە، تەجروبە و بیرەوەرێکانتان، وێنە و تابلۆ، خشتک و پرسیار، هەواڵی چالاکێکان و کاریکەتۆر و ...... بابەتی دیکەی خۆتانمان بۆ بنێرن. هەمرو ئەندامێکی یەکێتی لاوان بۆی هەیە ببێتە بە پەیامنێر و نووسەر و هاوکاری "دیدار".ئەو کەسانەی حەزیان لەو هاوکارییەیە، تکایە پێوەندیمان پێوە بکرن.ناو و نیشانی گۆڤارەکە:

*Didar*
*Kurdiska Ungdumsförbund*
*BOX 49090*
*100 28 Stockholm*
*Sweden*

www.arsivakurdi.org



# دیدار ١

ئاپریلی ١٩٩٢